# هەڵوێستی پەکەکە و بەرژەوەندیەکانی هەنووکەی گەلی کوردستان

موحسین جوامێر

دیارە ئەو گۆڕانکارییانەی لە دوای هاتنی ئەمریکا و داگیرکردنی ئێراقدا، هاتوونەتە ئاراوە، بوون بە هۆی داڕشتنێکی تازە و سەرلەبەرانەی گشت پێوەرو هاوکێشەکان لە پێوەندی لەگەڵ لایەن و بگرە مەسەلەکانیشدا، بە تایبەتی لەمەڕ مەسەلەی کوردا، ئەویش لە سەرتاسەری کوردستاندا، ئەگەرچی بە هێواشیش بووبێت. نیمچەڕاپەڕینی بەشە کوردستانی سووریا و هەڵچوون وخۆتەیارکردنی کوردی ڕۆژهەڵات و تێزە سیاسییەکانی لە باکووردا کەوتوونەتە بەر باس ولێکۆڵینەوە، هەر شوێنێك بە پێی هەلومەرجی خۆی، نموونەی ئەو وەرچەرخانەن و لە دەرەوەی بازنەکەدا نین.

هەڵبەت سروشتی حوکمڕانیی ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەر دابەشکراوە و پێوەندیان و ئەوجا بەرژەوەندیان، هەرگیز دەرفەتێکی ئاوایان نەڕەخساندووە تا کورد بتوانێت لە بستە زەوییەك، ئازادییەك بۆ خۆی وەدەست بخات. ئەگەر ماوەیەکیش کوردیان حەواندبێتەوە یا هەر جۆرە پشتگیرییەکیان کردبێت ـ هەتا سەربازیش ـ ئەوا هەڵوێستێکی کاتی بووە و کارتێك بووە بۆ وەدیهێنانی مەرامی خۆیان و چیتر... واتە هەمیشە ئەم یارمەتییە و ئەو هاوکارییەی پێشکەش کراوە، سنوورێکی هەبووە کە بزاڤی کورد نەهێڵراوە بیبەزێنێت... ئەم خاڵەش بە زەقی لە هەڵوێستی ئێران لەگەڵ کوردی باشووردا تێبینی دەکرێت، هەروەها سووریا، ئێراقیش لەگەڵ کوردی ڕۆژهەڵاتدا، هەڵبەت بە هەبوونی جیاوازی لە چۆنێتی و چەندێتیی هاوکاری و یارمەتییەکان. کوردیش لەم بەستێنەدا، ئەسپی خۆی تاوداوە و دەستەوسان نەبووە و هەمیشە ویستوویەتی سوود لەو هاوکێشە دژبەیەکانەدا ببینێت، تا شتێك بە شتێك بکات. وەك پێ دەچێت، هەتا ئێستە، باشوری کوردستان لە هەموو بەشەکانی دیکە، زێتر ئەو هۆکار و زەمینەیەی بۆ ڕەخسا بێت و توانیبێتی هەم بەردەوام بێت و هەمیش کاریگەریی هەبێت و تا رادەیەك ـ کەم تا زۆر ـ لە بەروبوومەکە بخوات و تیشکیش بۆ بەشەکانی دیکە بهاوێت.

تاکە دەوڵەت کە تا ئێستا بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ کوردا نەسازابێت و ڕەوشی ئاوایشی لێ نەهاتبێتە پێش کە ملکەچی ئەوە بووبێت بۆ بەرژەوەندی خۆی کاکەوبرالەیەك لەگەڵ کوردی دەرەوەی سنووری خۆیدا بکات، تورکیایە، کە هەتا لە ڕووی مەعنەوییەوەش شەکرێکی نەشکاندووە ... بۆ تورکی دەرەوەی سنووری خۆی هەمیشە لە دانوستاندن بووە و هاواری لێ هەستاوە، کەچی تەنانەت بۆ یەکجار گوێی لە کوردی خۆی نەگرتووە، تا بزانێت چییان دەوێت... دیتوومانە و دەشبینین کە چۆن

کاردانەوەیەکی زاڵمانەی لە هەنبەر هەر ڕاپەڕینێکدا هەبووە و هەیە. هەتا ئەگەر لە چواچێوەی بزاڤێکی سیاسی یاخود ڕۆشنبیریشدا بووبێت، قبووڵی نەکردووە و بۆی نەهاتووەتە ڕەدایێ...

لــە دوای دەستگیرکرانە ترسناکە پڕ لە ڤێزەونە نێودەوڵەتییەکەی بەڕێز ئۆجەلانیش، بزاڤی کورد لە باکووری وڵاتدا کەوتە تەنگژەیەکی پڕ لە تەمومژ، وای کرد پیاو لێی بکەوێتە گومانەوە کە بۆ وا دەکرێت و بۆیش وا دەگوترێت، چونکە هەرگیز لە عورفی سیاسیدا نەبووە، سەرکردەیەکی گیراو ـ بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەك تورکیای بە عەسکەر و دەزگەی ئەمنیی چنراودا ـ ئاراستەی گەریلاکانی خۆی کردبێت، ئەگەر بێتو لە ژێر فشاری خودی دەزگەکانی ئەو وڵاتەدا نەبووبێت و بە شێوەیەك ئاڕاستە نەکرابێت.

وەکو لە بەراییدا ئاماژەم پێکرد، تورکیا ـ وەك دەوڵەتی ئێران یا تا رادەیەك سووریا ـ لە پێوەند بەپرۆسەی کورددا، هەرگیز بەو جۆرە نەبووە کە بتوانرێت کەڵکێك یا نیمچەکەڵکیشی بۆ کورد لێ هەڵبکرێت، چونکە هەر لە نێو لانکێوە لە کورد تۆقیوە، مەگەر دەستتێوەردانەکەی سوپای تورکی نەبێت کە لەسەر داوای کوردان بۆ ناوبژیکردن هاتە ناوەوە، ئەویش پاشان بوو بە مەکۆی سیخوڕان وئەوجا قەزاوبەڵا.

هەبوونی هێزی پەکەکە لە ناوچەی قەندیل ولەم قۆناغە ناسکەی باشووری کوردستاندا، کە کوردی هەموو پارچەکان ـ بەتایبەتیش بەشی باکوور ـ چاوەڕێی چارەنووسی سیاسی ودەسکەوتێك دەکەن، هاوکات لەگەڵ ئەو گەشت و سەردانە ماراتۆنییانەی سەرانی ئێراق وتورکیا و ئێران و سووریا و ئەو راگەیاندنانەی لێپرسراوانی سەربازی و سیاسیی ئەمریکا و تورکیا، دیسان ئەو پەشێوی ونیگەرانییەی وڵاتانی هەرێم لە بارەی فیدراڵییەت و دەستووری ئێراق، دەری دەبڕن، مەترسیی ئەوەیان لێ دەکرێت ـ ئەگەر بە وریاییەکەوە مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت ـ پیلانێك لە ئارادا بێت و بە زیانی کورد تەواو بێت.

ئەوەی پیاو لە گەف وگوڕی لێپرسراوانی تورك ـ چ مەدەنی و چ سەربازی ـ دەخوێنێتەوەو لێی دەسڵەمێتەوە ئەوەیە، رەوشەکە لە چەند گریمانەیەك بە دەر نییە، یا ئەوەتە ئەمریکا لە پەکەکە بدات، یاخود کورد ناچار بکرێت، یاخود تورك ـ کە دەستی لەسەر تیسکەی تفەنگە ـ یان ئەوەتە خودی هێزەکە بە شێوەیەك لە شێوەکان چارەی خۆی بکا و بە کەمترین زیان بۆی دەربچێت.

بە بڕوای بەندە، وێ دەچێت تورك لە نێو گشت ئەلتەرناتیڤەکاندا، هاتنەناوەوەی خۆی بە هەرەچاکترینیان بزانێت و پێیشی خۆش بێت پەکەکە بڵاوەی لێ نەکات، بۆ ئەوەی لەپاڵ ئەم پرۆسەیەدا ـ وەك پاساوێك ـ مەرامی سیاسیی خۆی کە زۆر لەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی ئێراق و کوردستان قوشقی و وەڕەزە، بهێنێتە دی... زاتەن ئەمریکاش کەوتۆتە بن ئەو فشارەوە ...

لێرەدا، هەر چەندە من ناخوازم بێژم دیفاع لـە مەسەلەیەکی دۆڕاو ناکەم، چونکە وەك کوردێك دەمیەشێنێت، وەلێ کە نەخشەی سیاسیی ناوچەکە و هێزە زل و زەبەلاحەکان و قەوارە و پێگەی کورد لە وێدا دەخوێنمەوە، ناتوانـم خۆم لەم پرسیارە وەشێرم کە لەبەر دەممدا قووت دەبێتەوە، کە ئاخۆ ئەگەر هاتوو پەکەکە لەسەر هەڵوێستی خۆی سوور بوو و (اهون الشرين)ی هەڵنەبژارد، ئەنجامەکەی چی لێ دەکەوێتەوە؟... وەڵامەکەش ئاوا وەری دەگرمەوەو ئازاریشم دەدات: ئەگەر لە روانگەی ناهاوسەنگیی هێزەکانەوە و سنووردارییی توانا و قەتیسبوونی پەکەکە لەو شوێنەدا، سەیری شەڕ و پێکدادانی چاوەڕوانکراوی هێزەکان بکرێت، بڕوا ناکرێت بەبێ زیانێکی زۆر زۆر و ڕەپێچەکدانی دیلیکی فرە و پاکتاوکردنێکی سەرلەبەرانە، کۆتایی بە پێگەی پەکەکە لە قەندیل بێت و پاشان سەرپاکیان سەر بە نیست نەکرێن و گوندو ئاوایییەکی زۆر وێران نەکرێن، بە تایبەتیش گریمانەی تێوەگلانی نەیارانی دیکەش لە ئارادا هەیە و هەر لا بە نۆرەی خۆی... کە ئەمەیان ـ حەتمەن ـ دەبێتە مایەی هەرەس و دۆڕانێکی سیاسی بۆ پرسەکەمان بە گشتی و بە تایبەتیش لەم سەروبەندە لە شووشە ناسکترەدا ..!

سەرنج ! ئەم بابەتە بەر لە ساڵیك بۆ جاری یەکەم بلاْوکرایەوە، بە پیویستم زانی دووبارە لەم ساتەوەختەدا بلاْوی بکەمەوە. م.ج.

mohsinjwamir@hotmail.com